فەرهەنگۆکی فاتێ

وەک پاشکۆی کتێبی (فاتێ، ئێوارانم بنووسەوە)ی (چۆلی فایەق)ە

زمانی ئەم کتێبە، بە هۆی کاراکتەرە جیاوازەکانەوە فرەیی وەرگرتووە. لەسەر زاری ئەواندا وشە و دەربڕینی دەڤەرە جوداکانی کوردستان (هەولێری، شارەزووری، موکریانی، بادینی) ئاوێزانی یەکتر کراون. لە هێندێ شوێن بە زمانێکی پەتیی کلاسیک نووسراوە، جاروباریش وشە و چەمکی عیرفانی و فەلسەفی دەبینرێن، بۆیە بۆ هاریکاریی خوێنەری هێژا، ئەم فەرهەنگۆکەم بۆ کتێبەکە درووست کرد، کە دواجار خزمەتیشە بە کاروانی زمان و فەرهەنگی کوردی.

ڕانواندان: نیشاندان،عەڕزکردن، بەیانکردن

خۆدواندن: خودئاخڤین، مۆنۆلۆگ

هەوکە: هەنکە، ئێستە، ئەلعان، نووکە، فی الان

ناندین: مەتبەخ، چێشتخانەی ماڵ

مارەباب: ماڵەباب، ماڵەباوک. بەکارهێنانێکی هەولێریانەیە، لەبەرانبەر ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە زێدە خۆشەویستن.

باژێر: شار، بازاڕ. لە هەولێر ئەم وشەیە بۆ بازاڕیش بەکاردێت، بەتایبەت لای ئەوانەی لە دەوروبەری شاردا نیشتەجێن.

هاوشار: ئەو کەسەی لەگەڵت لە شارەکە دەژییێت، وەک هاوسێ، هاوسەر، هاوپیشە...

ئەتوو: تۆ، ئەتۆ، ڕاناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاک.

مە: ئێمە. لە هەولێر وەکە ڕاناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بەکار دەهێنرێت.

چەقی شار: سەنتەری ئینگلیزی و تسێنترۆمی ئەڵمانی و مەرکەزی عارەبی.

خاریقولعادات: بەکارهێنانێکی سۆفیانەیە، یانی شتی سەروسرووشتی، کە عادەتی دەبڕێت. بە کەڕامات و موعجیزات دەگوترێت.

مەزەب: مەزهەب، ڕێباز، لقەدین، ئایینزا

ئاقیدە: عەقیدە، ئەقیدە، بیرۆباوەر، تقات

زەبر: جەبر و زۆری. لە لاهووتی ئیسلامیدا مەزەبێکی بەرچاوە.

حسێب: حیساب، هەژمار

گوفەک: ئەو شوێنەی زبر و خاشاکی لێ فڕێ دەدرێت و پیسی لێ کۆ دەبێتەوە، بە زۆری لە ئاقار و دەشتدایە.

لەهێکڕا: کتوپڕ، لەناکاو.

عەزازیل: شەیتان، ئیبلیس

وەرام: وەڵام، جەواب. وشە هەرەکۆنەکە بە (ر)ە.

تەلموود: کتێبی شەریعەتی جوو، شەڕحی تەوراتە، لەبەرانبەر بوخاری و موسلیمی نێو موسڵمانانە. لە هەفتانەمەی باسدا وتارم لەسەر نووسیوە.

خوزەعبەلات: تورەهات، شتی پووچ، درۆودەڵەسە، هەڵیتوپەڵیت.

نەینۆک: ئاوێنە

پێڕ: گرۆ، گرووپ، دەستەیەکی خۆجوایەزکەرەوە

لۆغەت: زار، لوغەت، اللغة

دین: بە لۆغەتە بادینییەکە یانی شێت و دێوانە

تراویلکە: سەڕاب

نەعرەتە: قیڕە، قیژە، هاوار.

خڕ: هەموو، گشت. (خڕ خزمێ منن)

پایان: کۆتا

بەرسڤ: وەرام، وەڵام، جەواب

وەتۆ: وەها (سورچیاتی)

بچم: دەموچاو، سەروگێلاک.

دەرکە: دەرگە، دەرگا.

کوو: چۆن

وێکڕا: پێکڕا، پێکەوە. مەعەنی عارەبی و تسوزامنی ئەڵمانی.

گازکردن: بانگکردن. وشەی گاز کە لە هەولێر بەکاردێ، لە موناجاتەکانی زەردەشتیان بە واتای بانگکردن لە ئێزدان هاتووە. (گازی برایمی کە) یانی (برایمی بانگ کە)

کێندەر: کوێ، چ شوێنێک.

کێهان: کامە، کێهای.

بفەرمە: بفەرمووو

هێور: لەسەرخۆ، کاوەخۆ

ئەنگۆ: ئێوە/ لە هەولێر جیناوی کەسی دووەمی کۆیە

هیینگۆ: هیی ئێوە. زۆر کەس بە هەڵە دەنووسن: هی ئەنگۆ. ئەمە هەڵەیە. هەولێر (ئە)یەکە قووت دەدەن.

ئێروکانە: ئێرە، ئەم جێیە

پەرتەکردن: چۆلکردن، پەرشوبڵاوبوونەوە. (پەرتەی لێ بکەن) یانی (ئێرە چۆل بکەن).

عەزە: گوندێکی لە دەشتی هەولێر، کەوتووەتە پشت قەتەوی و مامزاوە، ئاقارێکی فراوانی هەیە.

مۆچیاری: ئامۆژگاری

گەمە: یاری، فشە، وازی، گاڵتە، شۆخی. (گەمەی بکەین؟) یانی (یاریی بکەین. (گەمەم پێ دەکات) یانی (گاڵتەم پێ دەکات). (گەمەم کرد) یانی (شۆخیم کرد). (خۆ گەمەی منداڵان نییە) یانی (خۆ فشە نییە).

خودێ: خوا، خودا

چشت: چت، تشت، شت هەموو یەک واتان

گوتووبێژ: وتووێژ، گتوبێژ، گوفتوگۆ، گفتوگۆ.

چاوچاوانێ: عاشقاتی، دڵداری، مەکروئۆین. (چاوچاوانێم لەگەر دەکات، حەزی لێ دەکات).

گەززە: گاز، قەمپار

شڕ: پەشێو، نارێک

جەوجەوە: خەیاڵ، جەوی مەستی (ڕامیار مەحموودی شاعیر ئەم وشەیە زۆر بەکار دەهێنێت)

تەشقەڵە: زەفەرپێبردن، شەڕپێفرۆشتن

ماڵاوایی: ماڵئاوایی، خواحافیزی

نەشیان: نەگونجان، نەلوان

کامۆی چایچی: کامۆ، چایچی چایخانەی سازەڤانی بناری قەڵاتێە. گەنجێکی سادەی خۆشمەشڕەب بوو. دنیای کتێب و ماریفەتیی من، لەگەڵ دنیا سادە و ساکارە جوانەکەی ئەو، تێکی دەکردەوە.

بەلاش: خۆڕایی، بەخۆڕایی، بەبێ بەرانبەر

نەفخی سووڕ: لە تقاتی دینی دەڵێ مەلائیکەتێک فوو لە بوقێک دەکات، خەڵکی دەبورێنەوە و دوای ئەوە قیامەت دەست پێ دەکات.

شاری چوار خواڤەند: ئەربێلا، شاری چوار خوایان، هەولێری کۆن.

تەتەر: نامەبەر، پۆستەچی

ڕێوایەت: گێڕانەوە

داکەسان: گیرسانەوە، چەسپاوی

تەنێ: تەنیا، تەنها

عەلەقوبەلەق: شتی بێسەروبەر، قسەی پووچ

سەعدووناوە: گەڕەکێکی کۆن و کەلتووریی هەولێرە، لەگەڵ گەڕەکی تەعجیل تێکەڵاوە.

هێوەڕو: بڕۆ بۆ ئەولاوە، خۆت لابدە

پەرش: پەرت، بڵاو

گۆتی: گووتی، وتی. لە زمانی کوردیدا لە زۆر شوێن جووت (وو) بە (ۆ) دەگۆڕدرێ، لە هەولێریش ئەو دۆخە بەسەر وشەی گووتندا هاتووە، بووە بە گۆتی. ئەم دۆخە، بەڵگەی لە زانستی زماناسی هەیە و دەچێتەوە خانەی (ئابووریی زمان).

شەپڕێو: پەشۆکاو، شپرەزە. زۆرجار لەگەڵ شڕ دێت و بە (شڕوشەپڕێو) بەکار دەهێنرێت.

ئاقار: دەشت، سەحرا. زێتر بۆ دەشتی گوندێ بەکاردێ (خۆ لە ئاقارێ نەمادیتیتەوە)

نادانی: گێلی، پێچەوانەی دانایی

نێوچە: ناوچە

چەپکەوشە: پەڕەگراف

چێتر: چاکتر، باشتر

قەننە: پایپ

ئۆغر: ڕۆیین. زێتر بۆ کۆچیدوایی بەکار دەهێنرێت.

خێت: داو، بەن

ڕەهبەت: ترس

هەتوان: دەرمان، مەڵحەم

چلۆن: چۆن

فیراق: دابڕان

ئەزەل: بێسەرەتا

ئەبەد: بێکۆتا

سەرمەدی: هەمیشەیی، نەمری

حزوور: ئامادە

جویَ: جودا، جیا، جیاواز، جوایەز، جوداواز

زەمهەریر: بەگوێرەی بیروباوەڕی دینی شوێنێکی بەستەڵەکیی نێو دۆزەخە، مرۆڤی تێدا عەزاب دەدەرێت.

ئەز: من، ئەمن

ژ بۆ: لە بۆ، بۆ

ژ بەر: لەبەر

وەشان: بڵاوکردنەوە، لێدان (ڕاژدییەکەی وەشاندیَ)

تێچین: سەرنج، کۆمێنت

کێوی توور: پێغەمبەر موسا ویستی لەوێدا قسە لەگەڵ خوا بکات

وەجد: حاڵ و سەمای سۆفیان (سۆفیزم)

تەجەرود: ڕووتبوونەوە (سۆفیزم)

وەشێرم: بشارمەوە، بشێرمەوە

ویَ بدەم: پێی بدەم

هەریَ: گفت، پەیمان، وادە. جیایە لە (هەریَ) کە بە واتای ڕابکە دێت.

بناوان: بنەچە، بناغە

حاڵی عەرزم بوویت: لە من گەیشتی، تێ دەگەیت (لە دەربەندیخان و سنە) ئەوەم زۆر ژنەوتووە.

ئاڵەمی ئەڕواح: دنیای ڕۆحان، جیهانی ڕەوانیان

ژنەوتن: بیستن، گوێلێبوون

وەسڵ: پێکگەیشتن (سۆفیزم)

خەپسە: هەڵاوهۆسە، بێسەروبەری. بۆ شوێن بەکاردێت نەک مرۆڤ.

ساتمە: کەوتن، بەربوونەوە کاتێ شتێک دەکەوێتە بەرقاچت

پایانێ: کۆتایی

زۆجبوونەوە: زۆج، تەریقبوونەوە، گێژ

تەیراوە: گەڕەکێکی کۆنی هەولێرە، لە ناوی تایەر ئاغاوە سەرچاوی گرتووە.

کەچەوپەچە: شتی کۆن

دەفعەیەک: جارێک، کەڕەتێک

شۆک: تاسان، واقوڕمان

شۆل: ئیش، کار (بادینان)

کتێو: کتاب، کتێب، پەرتووک

بڕۆنێ: لێی بڕوانە

جێژین: جێی ژیان، شوێنی ژیان

بۆ: بۆن، بۆوبەرامە. جیایە لە (بۆ)ی پرسیاکردن.

زەیتونبڕنۆ: گەڕەکێکی ئەستنەبۆڵە، بە منداڵی ماوەیەک لێی ژیاوم

مینیسک: پێتەختی بیلاڕوسە، ماوەیەک تێیدا ژیاوم

جەم: ژەم

بترۆژم: ئافەرینت بکەم

ئاوا: ئاوەدان

ماوا: مەئوا، شوێن، هەوار

خووندنەوە: کۆییەکان بە خوێندنەوە دەڵێن خووندنەوە

قورعان: قورئان

قۆنیا: ئەو شارەی مەزاری مەولانای ڕۆمی تێدایە

قاسیۆن: ئەو کێوەی شاری دیمەشقە، کە مەزاری مەولانا خالیدی شارەزووری تێدایە، چەند جارێک سەردانم کردووە

مەقبەرەی ئالوبەیت: گۆرستانێکی بەناوودنگی دیمەشقە، گۆڕی ئالوبەیت و سەحابەکانی تێدایە، بۆ نموونە گۆڕی بیلای حەبەشی. گەشتیاران سەردانیان دەکرد و منیش 2009 سەردانم کرد.

بچم: ڕوو، شێوە، دەموچاو

تەجەللا: درەوشانەوە، ڕەنگدانەوە (عیرفان)

بەرزەفت: کۆنترۆڵکردن

ڕۆخانە: ناوی ئەو ڕووبارەیە کە بە بەردەمی مەزاری پیری قەرەچێوار لە قادرکەرەم تێ دەپەڕێت، لە گەرمیاندا بەناوودەنگە و منیش یادگاری زۆرم لەگەڵیدا هەیە.

پیری قەرەچێوار: شێخ حەسەنی قادرکەرەمی، مورشیدێکی بەناوبانگی تەریقەتی قادری بووە لە کوردستان و دەوروبەریدا.

جانم: گیانم

سرۆ: ئیلهام

سرووس: وەحی

ڕوخ: ڕوومەت، ڕوو

سەیوان: چەتر

هەنگینێ: ئەوسا، ئەوکات، هەینێ.

عەنتیکە: سەیر، ئەنتیک، هەروەتر شتی کۆن.

سامی بن عەبدولڕەحمان: پارکی بەناوودەنگی سامی عەبدولڕەحان لە هەولێر کە بووەتە جێژوانی عاشقان.

بەڕانەتی: نێوچەیەکی بەناوودەنگی هەولێرە، دەشتێکی بەپیتی بۆ کشتوکاڵ هەیە، بەری ڕۆژئاوای باکووری هەولێری گرتووەتەوە.

مەعلان: زۆرشارەزا، عەللامە

نیوڕان: نیوەڕۆ، نیرڤوان

بەقای بەعدەل فەنا: مورید لە کە لەنێو سۆفیزم دەگاتە مەقامی فەنا و دەتووێتەوە، مەقامێکی تر دەست پێ دەکات کە مەقای بەقای بەعدەل فەنای، یانی مانەوەی دوای توانەوە. (سۆفیزم)

قشت: جوان، قەشەنگ، شیرین

تخوب: سنووری نێوان دوو ئاقار، نێوان، ناوان.

نێوەخن: نێوەڕۆک، ناوەکی

شوێنکات: زمکان، شوێن و کات (فیزیا و فەلسەفە)

بێحەوجە: بێ ئاتاج، بێمننەت

یەتیم: هێتیم، بێ دایکوباوک

زیتەڵ: زیرەک، وریا

مۆرەلێدان: زەفتکردن، دەستنیشانکردن. لە منداڵی لەکاتی یاریکردن زۆرمان بەکار دەهێنا. مۆرەمۆرەم لێ دایە...

قوتاربوون: ڕزگاربوون، دەربازبوون

کەئابە: ماتومەلوولی

تەنگوچەڵەمە: موعانات

فەجری کازیبە: بەیانیان بەر لەوەی خۆ هەڵبێ، هێندێ جار دنیا سپی دەبێت و دواتر ڕەش هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوەیە سپێدەی درۆزن (فەجری کازیبە). ئەوەی لە حوجرەدا خوێندبێتی، چاک لەو دەربڕینە تێ دەگات.

کاژێر: کاتژمێر، سەعات.

بێشکە: لانک

کودیبوون: کودی، کەچەڵ، کەچەڵبوون

سە: سەگ

هەیتە: پۆلیس، ئەدەبسز، بەدئاکار

شۆخی: گاڵتە و سوعبەت

ئەتوار: ڕەفتار، ئاکار

شراوە: شاراوە. لەسەر کێشی (سڕاوە)یە.

دەڕب: دەگە، فیڵ، تەڵەکە

کەتن: فەرتەنە